لە ناوەڕاستی شاری هەولێر کەسێک بە هەرشی چەکداری کوژرا

لەناوەڕاستی شاری هەولێر کەسێک بە هەرشی چەکداری کوژرا.

لە ڕووداوەکی تەقەکردندا کە دوێنێ شەوی دووشەممە 2ـی کانوونی دووەم لە ناوەندی شاری هەولێر ڕوویدا، کەسێک کوژرا.

بەگوێرەی زانیارییەکان، شەڕکە لەنێوان چەند کەسێکدا ڕوویداوە لە شەقامی 40 مەتری، نزیک دەزگای ئاراس لە گەڕەکی شەش و بەهەی دەمەقاڵەکەو کەسێک بە دەستەڕژی گوللە کوژرا.

تاکوو بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە، ئاسایشی هەولێر هیچ ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەم ڕووداوە ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا گرتە ڤیدیۆی ساتی ڕووداوەکە دەربدەخات، بکوژ دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵهاتوو.